خولی ئینگلتەرا.. لیڤەرپول و چێلسی بردیانەوە

لە خولی ئینگلتەرا لیڤەرپوول بردنەوەی بەسەر برایتۆن بەدەستهێنا و چێلسی لە ئیڤەرتۆنی بردەوە. لە یارییەکی هەفتەی 16ی خولی ئینگلتەرا، یانەی لیڤەرپوول لە یاریگای ئانفێلد میوانداری برایتۆنی کرد.

تایمی یەکەم، لەگەڵ دەستپێکی یارییەکە هوگۆ ئیکیتیکە تێی گەیەکەی ڤەربروخنی هەژاند بە ئەسیستی گەمس، بەڵام لە خولەکی 25 گەمس توشی پێکانبوو و محەمەد سەلاح لە جێگای هاتە نێو یاریگا، نیوەی یەکەمیش بە گەیەکی بەوەام لە سودی ڕەدز کۆتاییهات.

لە تایمی دووم، لە خولەکی 60 هوگۆ ئیکیتیکە گەیی دووەمی خۆی و یانەکەی بە ئەسیستی محەمەد سەلاح تۆمارکرد، تا کۆتاییش یارییەکە بەم شێوەیە مایەوە.

سەرئەنجام لیڤەر بە دوو گەیی بەوەام یارییەکەی لە برایتۆن بردەوە و خاڵەکانی بە 26 خاڵ بەرزکردەوە و لە پلەی شەشەم دەبیندرێت، برایتۆنیش بە 23 خاڵ پلەی نۆیەمی گرتووە.

لە یاریییەکی دیکەی بەهێزی هەمان هەفتەش یانەی چەسی بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر بردنەوەی بەسەر ئیڤەرتۆن بەدەستهێنا، بلوز بە کەکردنەوەی 28 خاڵ پلەی چوارەمی گرتووە.